**دەنگەکان:**

– **یۆست هێلتمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟**

**ئەمیر قادر :**



**سەرەتا ئەوە بڵێم ئەو فرسەتانەی کە دێنە ڕێگا بۆ ئەوەی قوربانیەکان ڕوو بەڕوو وە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاونابارانداا ڕووبەڕوو ببنەوە لەبەردەم دادگادا یان تریبۆنێکی عادیلانەدا بەدرێژایی مێژوو زۆر دانسقەو دەگمەنن، بەو هۆیەشەوە هەستیارو پڕن لەساتەوەختی گرنگن، دەکرێت زۆر نموونەی تری وەک هیتلەرو خومەینی و ئەسەد و پینۆشە لە بەرپرسانی دەرەجەیەک و سەدان نموونەی تری وەک خاڵخاڵی دەرەجەدارەکانی دەزگاکانی ئێس ئێس،بەرپرسانی ڕژێمی بەعس لە پلەدارەکانی وەک خەزرەچی و شێخ جەعفەرو موستەشارو بەرپرسانی مەفرەزەخاسەکان کەپلەیەک لە خوارترن بەڵام ڕەنگە پلەی تاوانەکانیان کەمتر نەبێت، کە هەموویان دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوورە و دەوری گرنگیان گێڕاوە لەم پرۆسانەدا،هێنانی سەدام بۆ بەردەم دادگا وێرای هەموو کەم و کورتیەک کەئەو دادگایە هەیبوو وە هەموو ئەو فاکتەرانەی تریش کە دادگاکەی تێدا ئەنجام درا و بەرەی ئازادیخواز و هەڵسوڕینەرانی دژی جینۆساید دەبوو بەهیچ جۆر ملیان پێنەدایە و هەموو هەوڵێکیان بدایە کە تریبۆناڵێکی ناودەوڵەتی ئەو کارەی بکردایە بەزۆر دەلیل کەڕەنگە لێرەدا باسکردنیان جێگەی نەبێت،بەڵام بۆ خۆی خاڵێکی پۆزەتیف بوو بەبەراود لەگەڵ ناوچەکەدا کە خۆمان بارودۆخی دادگاکانی وە پرۆسە یاسایەکانی شارەزاین و لەخواری خواری هەموو ستاندارده جیهانیەکاندایە،دیارە وەختێک ئەم دادگایە بوو بە ئەمری واقع ڕێگەیەک نەما جگە لە لایەکەوە پەیوەندی و کارلەگەڵ کردنی و ڕاستەوخۆ داخوازی نامە خستنە بەردەستی و لەلایەکی تریشەوە کۆکردنەوەی هێزی ئازادی خوازو نارەزایەتی و هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی خەڵکی ئەنفالکراوو جینۆسایدکراوی کوردستان من خۆشم هەر بەوشێوەیە کارم کرد من سەرجەمی دۆزی فرانس ڤان ئانراتم نارد بۆ دادگای باڵای عێراق کەتیایدا جینۆسایدی خەڵکی کوردستانی تێدا ساغکرابۆوە،شایەدی زۆرکەس و شکاتی زۆرکەسم لەدەرەوەی وڵات ناردووە بۆ ئەو دادگایە،لەو لای تریشەوە خۆم یەکێک لە هەڵسوڕاون و بەرپاکەرانی خۆپیشاندانەکانی مانگی ئۆگستی 2006 بووم لەبەرانبەر سەفارەتی عێراقدا،بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هەوڵێکی گەورە یان ئەوەی کە ئێمە دەمانتوانی بیکەین لە کاتی دادگای دیکتاتۆرو سزای لە سێدارەدان و کاتی لەسێدارەدانەکدا،پرسیار ئەوەیە چی کرا بۆ بەرگرتن لەلەسێدارەدانی سەدام یان دواخستنی جگە لەچەند بەیان نامەو چەند وتار لە میدیاکاندا؟ ئایا**

بەڕاستی ئەوە کارێکی باش بوو؟ ئێمە نەمان دەتوانی لەوە زیاتر بکەین،نەمان دەتوانی خۆپیشاندان بکەین، نەمان دەتوانی لەهەر وڵاتەدا وەک کاری سومبوڵی سەفارەتەکانی عێراق بگرین یان زۆرکاری تربکەین،بۆ ئەوکارانەمان نەکردونەمان توانی یان هەوڵمان نەدا تا بتوانین بەر بەو کۆمپلۆیە (ئەمریکایی–شیعی–دەسەڵاتدارنی کورد) بگرین و ڕەش و سپی تاوانەکانی سەدام لەدادگادا ڕوون بکرێتەوە،نەک هەرئەوە بەڵکو جۆری کوشتن و لە سێدارەدانەکەش دیکاتتۆرێکی دەستو پێ خوێناوی کرد بە قوربانیەکی زوڵم لێکراو!،ئەوە خەسارەێکی گەورەبوو بەدۆزی خەڵکی کوردستان و هەزاران قوربانی گەیشت کە بڕیاربوو ئێمە لەمافەکانیان خۆش نەبین،دەسەڵاتدارانی کوردیش کە ئاشیان بەئاوی بەغداو واشەنتۆن دەگەڕێ هەم کاری خۆیان کرد هەم لەچەند شوێنیش کردیان بەشایی و هەڵەڕکێ،من ماوەیەک لە پێش ئەوە کە هەڵسوڕاوی چاک بووم نامەیەکم نارد کەنەخشە کارێک بوو بۆبەرگرتن بەو سینارۆیە وە ڕووسورانە هاتنەدەر لەبەرانبەر خەڵکدا، کەتیایدا داوام کردبوو کەواز لەهەموو پرۆژەکانی تر بهێنین و هەموو کێشەلابەلاو ناوخۆیەکان بخەینەلاوە و لەسەر ئەم مەسەلەیە هەرچیمان پێدەکرێت بیکەین،بەداخەوە بۆچوونێکی ناکارا لەناوچاکداهەبوو کە لایەنگری درێژەدانی کێشەناوخۆیەکان و سەربەناوخۆداکردن و قسەو پەیامی ئاگراوی درێژەیان بەخۆیاندا،ئەوەش یەکێک لەدەلیلەکانی وازهێنانم بوو لەچاک.

بۆوەڵامی دوایین بەشی پرسیارەکەش کە ئەمە ئەرکی ئێمەی گرانتر وە ئاڵۆزترکردووە،بێگومان ئامانج لەلەناوبردنی سەدام بەو کتوپڕی و بەوشێوەیە ئەوەبوو کەهیچکە ڕاستیەکان و هاوکارانی ئەم ڕژێمە و تۆڕێکی فراوان لە مافیای ناودەوڵەتی و وڵاتەکان و کۆمپانیەکان نەخرێنە سەرشاشەکان و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و ڕووی دزێوی کارەکانیان لەمەرگی دیکتاتۆردا بشارنەوە،بەوپێیەش کاری کەسانی دژبەجینۆسایدی خەڵکی کوردستانیش کەمڕەنگتربۆتەوە،مەبەستمە بڵێم بەهاری کارەکان بەسەرچوون،بەڵام مافەکان و داواکاریەکان ماوون،کەی وەچۆن وە بەپشت بەکێ یەخەی تاوانباران دەگرین ئەوە پرسیاری گرنگە!کەمن لام وایە بۆئەوە دەنگی کەسوکاری قوربانیەکان و ڕێکخروەکانیان و کۆمەڵگای ناودەوڵەتی و کەسانی هەڵسوڕاومان دەوێت کەسانی (کراوە،شارەزا،ئاوێتەبوو بەدونیایی کاری دیموکراتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) نەک کەسانێک کەلەحیزبایتی بە شێوە ڕۆژهەڵاتیەکەی فەشەلیان هێناوە ئێستا دەیانەوێت لەبەرگی قوربانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا جێگەو ڕێگایەک لەسیاسەتدا بۆخۆیان لەپاڵ ئەم دۆزەوە بکەنەوە.